

## مۆدی پانتۆڵی کارگۆ
## بۆ وەرزی هاوین



# چۆنیەتی ئاگاداربوون لە جوانی و ناسکی دەست و پێیەکانت

وەرزی هاوینە و پلەکانیش بەرزن و هەموو کچێك یان خانمێك حەز دەکات لە گەرماوە بە دوور بێت و گەرمای نەبێت، هەر بۆیە جلێکی تەنك و کراوە هەڵدەبژێرن و پێڵاوێکی هاوینەش لە پێی دەکەن، کە جلەکەت تەنك و کراوە بوو، ڕەنگە یارمەتیت بدات لە گەرماوە بە دوور بیت، بەڵام دەست و پێیەکانیش بەر تیشکی خۆر و گەرما دەکەوێت و بەمەش ڕەنگە ئازاری پێستی نەرمی دەستەکانت و جوانی پێیەکانت بدات، کاتێك لە بەیانییەوە دەستەکانت لە بەردەم خۆر دەبێ یان پێیەکانت لە نێو گۆرەوی و پێڵاوەوە دەبن، پێستی دەست و قاچت تووشی بۆنی ناخۆش بن و ڕەنگە تەندرووستیشیان تێکبدات، کە تووشی لەت بوون و شەق بوون دەبێت، وا چاکە کە دەگەیتەوە ماڵ، ڕاستەوخۆ پێیەکانت بە ئاوێکی شلتێن بشۆیت، هەروەها کرێمیش لە دەستەکانت بدەیت، لە بیریش مەکە لە کاتی خۆیدا نینۆکەکانت بقرتێنە و مەهێڵە لکەکانی بچێتەوە ژێر پێست و بەمەش ئازار و خوێنبەربوون ڕوودەدات و بەکتریاش بڵاو دەبێتەوە، پسپۆران دەڵێن : کاتێك کرێمێکت بەکارهێنا، باشترە ماوەی کاتژمێرێك بێت بەر لە لێدانی بۆیە و ڕەنگی نینۆکەکان، تا پێستی دەست و قاچت کرێمەکە هەڵمژێت و پاشان بۆیەکان بەکاربهێنە.



زۆربەی کچان و ئافرەتان دەڵێن : لەبەر کردنی پانتۆڵ خۆشترە لە جلەکانی دیکەی وەك : تەنوورە و ستریێچ، ئینجا هەر جۆرە پانتۆڵێك بە تایبەت ئەگەر بە پێی وەرز و کاتەکەی خۆی بێت، ئێستاش وەرزی گەرمای هاوینە و تیشکی خۆر بە تێنە و پلەکانی گەرمیش بەرزن، بۆیە لە پێی کردنی پانتۆڵی جینز، خانمان بێزار دەکات و ڕەنگە تووشی هەستەوەری (حساسیە)شتان بکاتەوە، هەر بۆیە پانتۆڵە نەرمەکان دەبێتە لووتکەی مۆدی جل و بەرگی هاوینە، یەکێك لە مۆدە تازەکانی پانتۆڵی (کارگۆ- Cargo) کە لە نەخشدا نەرم و نیانە، لە شێوەدا کراوە و فراوانە، ئەم مۆدە بۆ سەردەمی نەوەدەکان دەگەڕێتەوە، ئەگەرچی شێوازی تەسکیشی هەن، بەڵام زیاتر شێوە کراوەکەی لای کچان و ئافرەتان باوە، دەتوانی لەگەڵ سەندڵێکی ناسك و فلات لەبەری بکەیت، جوانی ئەو پانتۆڵە لەوەدایە کە لەلای کەمەرەوە کراوەیە و لە خوارەوەش تەسك دەبێتەوە، بەمەش جەستەت ناسك و سەرنجڕاکێش دەردەکەوێنێت.






# جانتا تازەکەی برووبێری بۆ مانگی ڕەمەزان

مۆد و کەرەستەکان لە هەر وەرزێك و بۆنەیەکی تایبەت بە شێوازی تازەوە دەردەکەون، ئەوە جگە لەوەی کە کچان و ئافرەتان خۆڕسکانە گۆڕانکاری بەسەر مۆدەکانیادا دەهێنن، هەر بۆیە مارکەی (بووربێری- Burberry) بە بۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە، کۆمەڵێك مۆدی جۆراوجۆری لە بەرهەمە تازەکانی ئامادەکردووە، کە تایبەت بێت بەو مانگەوە، بەرهەمەکانی بووربێری زیاتر لە کەرەستە و کەل و پەلی جوانکارییە، ئەمجارەشیان جانتایەکی بە نەخشی بۆ کچان و خانمان ئامادە کردووە، جانتا تازەکەی برووبێری لە نمایشگەری (پاتچۆرك - The Patchwork) نیشان دراوە، کە جانتاکە لەسەر شێوازی نەخشی کۆن و ئایینی و باڵندەی بچووکدا هاتووە، تا کەرەستەیەکی تایبەت بێت لە دەستی خانماندا، کە لە ڕۆژ و شەوانی ڕەمەزاندا بچنە دەرەوە و ئەو جانتایەیان بە دەستەوە بێت، جگە لەوەی شێوەی دەرەوەی جانتاکە بە ئێکسسواری مەعدەن و تەرتەر و کریستاڵ رووپۆش کراوە.





# سەیرترین نەخش و نیگاری دیکۆری ماڵ



هەندێ جار دیزاینەران و دیکۆریستی ماڵ و دیکۆری خانوو، ماوەی چەند رۆژێك خەریکی دانانی دیزاین و نەخش دەبن، لە کۆتاییشدا رەنگە بە دڵی خاوەن ماڵ و داواکار نەبێ، چونکە خواستی هەموو کەسێکە تا ماڵەکەی بە نەخش و نیگار رازاوە بێ، وادیارە ئەو کچە پاکستانییە بیرۆکەیەکی دیکەی بۆ دیزاین و نەخشکاری ماڵ هەیە، دوای ئەوەی توانی سندووقێکی بچووك بهێنێت و لە نێو سندووقەکەدا رووناکی داناوە و لەگەڵ هەرچوار دەوری سەندووقەکەی بە نەخش چێ کردووە، کە دوای ئەوەی رووناکیەکە دادەگیرسێت، ئیدی تەواوی ئەو شوێنەی لێیەتی بە نەخش و نیگاری سندووقەکە دەرِازێتەوە، ئەو کچە ناوی (ئانێلا ئاگا) یە، کاری دارتاشی لەگەڵ باوکی دەکات، رۆژێکیان ئەو بیرۆکەی بە گوێ باوکی داهێنا و باوکیشی بێ ئومێدی کرد لەوەی کارەکەی چ سوودێکی نابێ، بەڵام ئێستا بیرۆکەکەی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا بەکاردەهێنرێت کە سادە و ساکارە لە گۆڕینی نەخش و نیگاری دیکۆری ماڵ.



# خوانێک لەگەڵ زەرافە نۆش بکە

چەند گیاندارێك لە زۆربەی وڵاتانی مەترسی لە ناوچوونیان بۆ دەکرێ، کە دوا نەوە و جیلیان بێت و یەکجاری نەمێنن، لە وڵاتی (کینیا)ش ئەو دیاردە دەرکەوتووە بۆ گیانداری زەڕافە، کە ژمارەیەکی کەمیان ماوە بە تایبەت زەڕافەی جۆری (ڕۆتشێلد)، هەر بۆیە لەو وڵاتە هەموو ڕێگای ئاسانکاری و یارمەتیدانیان بۆ ئەو گیاندارە دابین کردووە، تا بتوانن بەردەوام لە ژیان و لە ناونەچن، لە تازەترین بیرۆکە سەیرەکاندا کە بۆ زەڕافەی ڕۆتشێلد هاتۆتە کایەوە، لەلایەن چێشتخانەیەکی ئەو وڵاتەیە بە ناوی (زەرافە مانۆر - Giraffe manor)، کە چێشتخانەکە لە نێو دارستانێکی شاری نێرووبی کراوەتەوە، لەو کاتەی خەڵك و ئامادەبووان ژەمە نانێك نۆش دەکەن، زەڕافەکانیش لە پەنجەرەکانی چێشتخانەکە ملیان دەهێننە ژوورەوە و پاشماوەی خواردنی خەڵك یان ئەوانەی حەز دەکەن خواردنەکانیان لەگەڵ زەرافەکان بەش بکەن، بەشێکی خواردنەکەیان بە زەڕافە مل درێژەکان دەدەن، بەمەش دەتوانی ژەمە خوانێك لەگەڵ زەڕافە نۆش بکەیت.



# فیستیڤاڵی گوڵ و فەرشی گوڵدار

لە وڵاتی ئیتاڵیا، هەردوو مانگی (٥) و (٦)ی هەموو ساڵێك دەبێتە وەرزی گوڵ، لەوەتەی ساڵی (١٦٢٥)ەوە ئەو نەریتە بەردەوامە تا ئێستا، کە بە چەندین ڕێگەی یادکردنەوە و بۆنەی تایبەت، گوڵ دەهێنن و دەیکەن بە نەخش و دیکۆر و کەرەستە و مەراسیمی بۆ دەکەن، ئەمساڵیش فیستیڤاڵێکی گەورە و ناوازەیان بە ناوی (ئینفۆراتا) بۆ گوڵ کردەوە، کە یادەکەی ئەوساڵ بە دروست کردنی فەرشێکی گەورەی لە گوڵ بەڕێوەچوو، نزیکەی (١٠٠٠) جۆرە گوڵیان لە دروست کردنی ئەو فەرشە گەورەدا بەکارهێنابوو، درێژی فەرشەکە (١٢٠) مەتر و پانیشی (٨٠) مەتر بوو، ژێرەوەی فەرشە گوڵدارەکە بە دار و خۆڵ بناغە دەکەن، سەرەوەشی بە وردە گوڵ و پەڕی گوڵەکان دادەپۆشرێت، سەرەتای ئەو فیستیڤاڵە لە شاری ڕۆما دەستی پێکرد، دواتر بەرەو شارەکانی (نۆتۆ و سپیلۆ و جینزانۆ و بۆلسینا) بەردەوام بوو، ئەمساڵیش فیستیڤاڵی گوڵ و فەرشی گوڵدار بەڕێوەچوو.

## پەند و وتە



**- جۆرج ئۆریـۆل لـە بـارەی راسـتی و کۆمەڵگا دەڵێ:**

تا چەند تاکەکانی کۆمەڵگا لە راستی و راستگۆیی دوور بکەونەوە و بە دوور بن، ئەوەندەش رق و کینەیان بۆ ئەوانە دەبێ کە باسی راستی و راستگۆیی دەکەن.


## یاری وێنە

- ئـەم دوو وێنەیـە، یەکێکیـان راستـەقینەیە و یەکێکی دیکـەش بـە دەسـت کێشـراوە، هەوڵدە وێنە راسـتەقینە و کێشراوەکە دیاری بکەیت.




## کاریکاتێر

- لـەم کاریکاتێـرەدا، بـاس لـە دوو کەس دەکات، کە لە ناکۆکیدان و کلیلی چارەسەر لـە دەسـتیانە و کەچـی نازانـن سـوود لـە چارەسـەری کێشـەکان وەربگـرن و کردوویانە بە کێشە.



## تاوەری زیگزاگ !



نەخش و دیزاینی هەندێ لە تاوەر و باڵەخانە و رووپۆشی نەخش و نیگاریان ئەوەندە سـەیر و سەرنجڕاکێشـە، دەبنە مایەی سەرسوڕمانمان ئاخۆ ئەو دیزاینە چۆن و بە چی کـراوە، تـاوەری زیگزاگ، یەکێکە لەو تاوەرە سـەیرانەی کە بۆتە جێگەی سەرنجی میوانان و ئەوانەی بە لایەوە تێپەر دەبن، بەڵام تاوەری (مەیز) دەکەوێتە شاری دوبەی ئیماراتـی، کـە رووپۆشـی دەرەوەی لـە شـێوەی یـاری (مـازی) و نەخشـی زیگزاگـە، بـەرزی دەگاتـە (٤٠) نهـۆم و بەشـی پێشـەوەی لـە چەندیـن رێرەوەوە دروست کراوە، تا ئێسـتا بە سـەیرترین تاوەر دادەنرێت و ناویشـی لە کتێبی ژمارەیی پێوانەکانی (گینس) تۆمار کراوە.

## ■ بۆ زانیاریت

یەکەمینەکانی هەولێر

- سـاڵی (١٩٣٥) چیمەنتۆیـان هێنایـە هەولێـر کـە لـە بەریتانیـاوە دەهـات، سـەرەتای بەکارهێنانـی چیمەنتـۆش بـۆ نۆژەنکردنەوەی خانووەکانی دەروازەی گەورەی قەڵای هەولێر بەکارهێنرا.

- سـاڵی (١٩٣٥)، بـۆ یەکەمیـن جار حسـێن حوزنـی موکریانـی چاپخانـەی موکریانی لـە هەولێـر دادەمەزرێنی کە شوێنەکەی لە ژێر دیواری قەڵات بوو.

- ساڵی (١٩٣٦) یەکەم بیری ئیرتوازی هەولێر لە سەربازگەی هەولێر لەلایەن کۆمپانیایەکی یوگسلاڤی لێدرا، پاشان بیرێکی دیکەیان لە گوندی قازیخانە لێدا.

- ساڵی (١٩٣٧) سەید (جمیل چایچی)، یەکەم کەس بوو ڕادیۆی هێنایە هەولێر، ئەوەی سەیربوو رادیۆکە پاتریەکەی لەخۆی گەورەتر بوو.


- ساڵی (١٩٣٧) عەبدولڕەحمان چەلەبی یەکەم بەنزینخانەی لەهەولێر دامەزراند.

- لەساڵی (١٩٤٤) ئۆتۆمبێلی پەست دەهێنرێتە هەولێر.

- سـاڵی (١٩٤٦) یـادی نـەورۆز بەئاشـکرا بە مۆڵەتی حکومەت سـازکرا، لە جێگەی ئێسـتای هوتێل زەیتونە ئاگر کرایەوە، چونکە سـاڵانی سییەکان بە نهێنی ئەم یادە دەکرایەوە.

- سـاڵی (١٩٤٩) وێسـتگەی شەمەندەفەر هەولێر ـ بەغدا کرایەوە.






## کاوڕ

هەنگاوەکانت بەرەو ئەنجامی باش ڕۆیشتوون، بیرت لەلای کەسانی نزیکت بێت و ئەوانەی ڕابردوو فەرامۆش مەکە. لە بری کەسی دیکە بڕیار مەدە و هەمیشە پاڵپشتی کارە باشەکانی کەسانی دیکە بکە. ڕەفتارەکانت لەگەڵ سەردەمی ئێستادا ناگونجێت، واچاکە گۆڕانکاری بکەیت، ئەگینا ژیانت بەرەو ناخۆشی دەچێت.



## گا

ڕەنگدانەوەی لاساییکردنەوەی کەسانی دیکەت پێوە دیارە. هەوڵبدە ڕەفتار و کارەکانت گوزارشت لە خۆت بکەن. هەمیشە بە گەشبینی لە داهاتووت بڕوانە و هەڵەیەك مەکە تا ماوی پەشیمانت بکاتەوە. کێشەیەکەت هەیە ئەگەر بتوانیت بە گونجاوی لەگەڵیدا هەڵسوکەوت بکەیت، بە ئاسانی چارەسەر دەبێ.




## جمک

مەهێڵە کەسانی دیکە بەشداری لە کارەکانت بکەن و کەسایەتیت گونجاوە تا لەگەڵ کەسانی دەوروبەر خۆت بگونجێنیت. کارێکی چاکت بۆ کەسانی دەوروبەر کرد و جێگەی ستایشە، بەڵام کەسێك بە هەڵە لێت تێگەیشتووە و چاکتر وایە ڕاستییەکانی بۆ ڕوون بکەیتەوە، تاکو بە هەڵە تێنەگات.



## قرژاڵ

خەمێکت لە دڵە و پێویستە دەریبهێنیت و ئەوەندە بیری لێنەکەیتەوە. کارەکانت جێگەی بایەخی هەموانن، ئەرکێکی قورست لە بەردەمە و خەریکی چارەسەری کێشەکانی دیکە بە. کەسانێك دژایەتیت دەکەن و تۆش بێزار مەبە لە هەڵوێستی ئەم جۆرە کەسانە. دان بە خۆتدا بگرە و هێمن بە.



## شێر

هەڵەکانی پێشووت بکە بە وانەیەك بۆ ئێستا و داهاتووت. هەڵەیەکت کرد دووبارەی مەکەرەوە. ئەرکی خۆت بە کەسانی دیکە مەسپێرە و خەریکی هەنگاوەکانی خۆت بە. زۆر بیر لە داهاتووت مەکەوە و تەنیا لە سەر کارەکانی ئێستات بە جددی کار بکە. هەندێك گرفت وات لێدەکات تا ماوەیەك ماندووبیت.



## گوڵەگەنم

بڕیارێك بۆ ژیانی داهاتووت بدە و ئەو ئەرکە لە سەر مێشك و خەیاڵت لابدە، قسەی کەسانی دیکە مەکە بە سەرچاوەی بیرکردنەوە و کێشەکانت، هەنگاوی جددیتر بۆ داهاتووت بنێ. کێشەت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت چارەسەر دەبن و بەم زووانە زۆر شت بۆ تۆ و بۆ ئەوان ڕوون دەبێتەوە.




## شایان

ئاواتێکت لە دڵە و ماوەیەکی زۆرە دەتەوێ جێبەجێی بکەیت، بەڵام ئێستا کاتی نییە و بۆ کاتێکی دیکە دوای بخە. کەسێك لە دەوروبەری تۆیە و ماوەیەك بە هەڵە لێت تێگەیشتبوو، ئێستا دەیەوێ خۆی لێت نزیك بکاتەوە، بەڵام دەترسی تۆ گرنگی پێینەدەیت، ئەو ماوەیە دڵخۆش دەبیت.



## دووپشک

ئاراستەی بیر و بۆچوونت گونجاوە لەگەڵ ڕەفتار و کەسایەتیت، خەمێکت لە دڵە و هەمیشە بیری لێی دەکەیتەوە، کەسێك نیازی وایە لێت نزیك بێت، گرنگی بەو کەسە بدە کە لە نێو ژیانتدایە و سەرچاوەی خۆشییە بۆت، خۆت بە کێشەی خەڵکەوە خەریك مەکە، چونکە کەسانێك هەن تەنیا بەرژەوەندی خۆیان دەوێ.



## کەوان

وێڕای هاوکاریکردنت بۆ کەسانی دیکە، بەڵام هەندێکیان بە بەرژەوەندی دەزانن و بۆیە گرنگیت پێی نادەن و خۆیان دوور دەخەنەوە. ئەرکێکت لە سەرە و بە جوانی جێبەجێی بکە. هاوخەمی کەسانی دیکە بە و هەوڵبدە سەردانی کەسانی نزیکت بکەیت ء هۆکارەکانی دووربوونت بۆیان ڕوون بکەیتەوە، با گلەییت لێ نەکەن.



## گیسک

بیرکردنەوەی تۆ و ئەو کەسە هاوسۆز و نزیکەت، کێشەی ناوەتەوە و دەبێ بە گفتوگۆ چارەسەری بکەن و ڕابردووش لە بیر بکەن. کەسێکی هێمنی و بەڵام جار جار تووڕەییت پێوە دیارە، مەهێڵە کەسانی دیکە بەشداری کارەکانت بکەن، پێویست ناکات ئەوەندە خەم لە ڕابردووت بخۆیت.



## گۆزە

گۆڕانکاری لە ژیانت بکە و دڵنیابە بەرەو باشی دەچیت، ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە و هەر کێشەیەك مەکە مەهانە بۆ کارەکانت. بڕوات بە خۆت بێت و مەترسە و هەمیشە بە جوانی بیرۆکەکانت بۆ کەسانی دیکە ڕوون بکەرەوە و هەستەکانت فەرامۆش مەکە و دڵت گەورە بێ.



## نەهەنگ

بە جوانی لە بیرۆکەی کەسانی دیکە بگە و پاشان بڕیار بدە. ئەرکێك ماوەیەکە بێزاری کردووی، بە چارەسەری کێشەکان ژیانی ئاساییت دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کەسێك لێت نزیك دەبێتەوە ڕێگەی بدە و ئەگەر زانیت باش نییە دووری بخەوە لە خۆت، ئەگەریش بۆت باش بوو، با لەگەڵت بەردەوام بێت.





# خەوننامە

- ڕووخان

ئەو کەسەی لە خەودا ببینێ خانووێك یان باڵەخانەیەکی کۆن دەڕوخێنێ تووشی شەڕ و ئاژاوە و خەم و خەفەت دێت، ئەگەر لە خەودا ببینێت بەشێکی خانووەکەیان ڕووخاروە واتە لەوماڵەدا کێشە و گرفت ڕوودەدات، ئەگەر ئافرەت لە خەودا شوێنێك بروخێنێت، واتە کێشە و ناخۆشی بۆ کەسانی دەوروبەری دروست دەبێ و دەبێت وریا و چاوکراوە بێت، ئەگەر پیاویش لە خەودا شوێنێك بڕوخێنێت، مانای ئەوەی لە کارەکەی تووشی ماندووبوون و هیلاکی دەبێت، ڕووخان بە مانای خراپە دێت، ئەگەر لە خەودا ماڵ و شوێنی کەسانی دیکەت ڕووخاند، مانای کێشەتان لەگەڵ ئەو کەسانەوە بۆ دروست دەبێت.

